Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.1.8

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazhar.mustafa@su.edu.krd
Hazhar Ahmed Mustafa

# هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان

RECEIVED: 22/06/2025
ACCEPTED: 20/07/2025
PUBLISHED: 25/09/2025

**احمد نورالدين طه/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**هەژار احمد مصطفى/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان**
ڕێگا،
ڕێگای وانەوتنەوە،
وانەوتنەوە،
سۆلفیج

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ڕابردوو و ئێستای خوێندنی بابەتی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدراوە. بەتایبەت لێکۆڵینەوە لە شێوازی بەکارهێنان و پەیرەوکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆلفێج لەلایەن مامۆستایانی بابەت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ڕادەی بەکارهێنان و کارایی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆلفێجە بەشێوەیەکی کرداریی لەلایەن مامۆستایانی بابەت، کە تا چەند خراونەتە خزمەت پەرەپێدانی توانای قوتابییان و بەدەستهێنانی کارامەییەکانی فێربوون. هەروەها لەهەمان کاتدا دەستنیشانکردنی کەموکوورییەکان و خاڵە لاوازەکان. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران فۆرمێکی ڕاپرسییان وەک ئامرازی لێکۆڵینەوە خستۆتە بەردەستی ئەو پسپۆڕ و مامۆستایانەی، کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو و لە ئێستادا بابەتی سۆلفێج لە قۆناغە جیاوازەکانی بەشی موزیک دەڵێنەوە یان بروانامەکانیان لە بابەتی سۆلفێج بەدەستهێناوە. دوای گەیشتن بە ئەنجامەکانی ڕاپرسی، توێژەران ئامانج، مەبەست و گرنگی ڕێگا و شێوازەکانیان لە بەدەستهێنانی کارامەیی فێربوون لە قوتابییان ڕوونکردووتەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک گۆرانی وتن و تەکنیکی بەهێزکردنی یادگەی موزیکی قوتابییان. هەروەها ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانەشیان خستوتەڕوو، کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕێبازانە و بەستنەوەیان بە ئامراز و تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان، دەبن بە هۆکاری نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان و خۆشەویستکردنی بابەتی سۆلفێج لای قوتابییان و بەستنەوەی هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی بەیەکەوە.

## ١. ناساندنی توێژینەوەکە:

### ١.١ پێشەکی

بابەتی سۆڵفێج یەکێکە لە بابەتە سەرەکی و سەردەمییەکانی خوێندنی موزیک لە جیهان، کە لایەنی تیۆری و کرداریی لەخۆدەگرێ. ئەم بابەتە بە پەروەردەی گوێچکە ناسراوە، کە بەهۆیەوە قوتابی فێری گەلێک کارامەیی و لێهاتووی وە،ک: خوێندنەوە، نووسینەوە، ناسینەوەی دەنگ و میانەکان و ئەکۆردەکانی موزیک دەبێت. بابەتی سۆڵفێج وەک هەر بابەتێکی دیکەی خوێندنی موزیک، بۆ گەشەپێدانی توانای قوتابییانی موزیکە بۆ ئاستێکی موزیکی باڵاتر.

ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە (هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە بابەتی سۆڵفیج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان) ئەنجامدراوە، چونکە سۆڵفیج ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دارشتنی بنەما موزیکییەکانی موزیککاران و ئاوازدانەرانی داهاتوو. بەڵام کاریگەری شێوازەکانی وانەوتنەوە لە وانەکانی سۆڵفێج بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەی بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەیە لە جیهان، بەڵام لای ئێمە بایەخی تەواوی پێ نەدراوە. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێک بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕێگایانە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان هاوتەریبن. هەروەها لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە ئایا ئەم ڕێگا و شێوازانە یارمەتی قوتابییان دەدەن بۆ بنیاتنانی کارامەیی موزیکی بنەڕەتی، بەتایبەتی لە گۆرانی وتن و یادەوەری دەنگیدا. لەڕێگەی ڕاپرسی و تێبینییەکانی مامۆستایانەوە، توێژینەوەکە هەم خاڵە بەهێزەکان و هەم بۆشاییە پراکتیکەکانی ئێستای وانەوتنەوەی سۆڵفێج دەستنیشاندەکات. جگە لەوەش تیشک دەخاتە سەر گرنگی یەکخستنی ئامراز و تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان بۆ بەرزکردنەوەی فێرکاری سۆڵفێج و زیاتر سەرنجراکێشکردنی بۆ قوتابییان. بەم کارە توێژینەوەکە ئامانجیەتی پێشنیازی پراکتیکی بۆ لایەنی تایبەتمەند پێشکەش بکات، بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی قوتابییان و بەستنەوەی هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی لە پەروەردەی موزیکدا.

### ٢.١ کێشەی توێژینەوەکە:

سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکی بابەتی سۆڵفێج لە پەرەپێدانی توانا بنەڕەتییە موزیکییەکانی قوتابییان، بەڵام نەبوونی یەکدەنگی مامۆستایان لە پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا، بۆتە هۆی ئەوەی خوێندنی بابەتەکە ئامانجی خۆی نەپێکێت، بۆیە زۆرێک لە قوتابییان کێشەی نووسینەوە و خوێندنەوەی نۆتە و ئاواز و ڕیتمەکانیان هەیە. تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابییان دوای دەرچوونیشیان لە کۆلێژ، سەرکەوتوو نین لە نووسینەوە و خوێندنەوەی میلۆدییەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لە مامۆستایانی سۆڵفێج تاکو ئێستا تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ کاریگەری شێوازەکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج لە پەرەپێدانی توانای قوتابییەکان نییە و پشت بە شێوازە تەقلیدییەکان دەبەستن، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکانیان هەڵسەنگێنن یان لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆ بیانگونجێنن. جگە لەوەش تاکو ئێستا بەکارهێنانی پراکتیکی سۆڵفێج، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ بیرەوەری و وەبیرهاتنەوە موزیککیەکان، تواناکانی بیستن و ئەدای دەنگی، پێناچێت بەتەواوی گەشەی کردبێت. ئەمەش بۆشاییەکی دیاری لە نێوان مامۆستایانی تیۆری و پراکتیک دروستکردووە و تاڕادەیەکی زۆر گەشەکردنی توانای قوتابییانی سنووردار کردووە.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە باس لە بابەتی سۆڵفێج وەک بابەتێکی بنەڕەتی موزیک دەکات، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێشخستنی توانای بیستن و دەنگی قوتابییان هەیە. بە هەڵسەنگاندنی شێوازە هاوچەرخەکانی فێرکردنی سۆڵفیج، تیشک دەخاتە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پراکتیکی و تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە چۆنیەتی بەشداریکردنی بابەتی سۆڵفیج لە پێشخستنی موزیکدا پێشان دەدات. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە ڕێبەرێک بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی پێداگۆجی و دۆزینەوە نوێکان لە وانەوتنەوەی بابەتەکە، کە دەتوانرێت ڕێنمایی مامۆستایان بکەن بۆ پێشکەوتنە موزیکییەکان، دیزاینی پرۆگرام و ڕاهێنانیان بۆ ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیا و نوێخوازی لە زانستی وانەوتنەوەی موزیکدا. هەروەها لە ئەنجامدا ببێتە هۆی پێشخستنی توانای قوتابییان و پێشکەشکردنی کادیری کارامەتر بە کۆمەڵگە و بازاڕی کار.

**٤.١ ئامانجی توێژینەوەکە:**
ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج و دەستنیشانکردنی ستراتیژێکی گونجاوە، کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی توانای قوتابییانی موزیک لە بابەتی سۆڵفێج. ئەمەش بەهۆی پێشنیازکردنی ستراتیژێکی فێرکاری هاوچەرخ و گونجاو لە فێرکردنی قوتابییان، کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان فێربوونی تیۆری و بەکارهێنانی پراکتیکی، کە لەگەڵ ئامرازە پەروەردەییە مۆدێرنەکان هاوتەریب بێت و ئەزموونی فێرکردن و فێربوونی قوتابییان بەرزبکاتەوە.

**٥.١ سنوورەکانی توێژینەوەکە:**
**١.٥.١سنووری بابەتی:** بابەتی سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی.
**٢.٥.١ سنووری جوگرافی:** بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
**٣.٥.١ سنوری مێژوویی:** کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە دامەزراندنییەوە تاکو ئەمڕۆ.

**٦.١ میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی میتۆدی وەسفیی شیکاری دەکات.

**٧.١ پێناسەی زاراوەکان:**

**١.٧.١ ڕێگا:** ئامرازێکە مامۆستا بۆ گەیاندنی ئەزموون و شارەزاییەکانی بە فێرخواز دەیگرێتەبەر، هەر بۆیە ئەم کردارە هاوشێوەی پلانێکە، کە مامۆستا پێش چوونە نێو هۆڵی خوێندن، بەمەبەستی جێبەجێکردنیان دایدەنێت (سەلامە، ٢٠٠٢، ١٦).

**٢.٧.١ وانەوتنەوە:** وانەوتنەوە پرۆسەی بە یەکگەیشتنی مامۆستا و قوتابییە، واتە گواستنەوەیە لە دۆخێکی ژێری بۆ دۆخێکی ژێری دیکە، بەم پێیە قوتابی گەشە دەکات لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکە، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ کومەڵێک ڕووداوی فێرکردن و فیربوون، کە کاریگەریان لەسەر قوتابی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا وانەوتنەوە سیستەمێکی خودی و تاکە کەسییە، کە تیایدا مامۆستا بە ڕۆڵێکی پیشەیی هەڵدەستێت (سیف، ١٩٨٣، ٢).

**٣.٧.١ ڕێگاکانی وانەوتنەوە:** "بریتییە لە کۆمەڵێک کار و چالاکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، کە مامۆستا لەناو پۆلدا بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێیان هەڵدەستێت و جێبەجێیان دەکات، کە پێکدێن لە گۆڕانکاریکردن لە مەعریفە و بیرکردنەوە و هەموو لایەنەکانی دیکەی ڕەفتاری فێرخواز" (قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ١٤).

**٤.٧.١ سۆڵفێج:** وشەی Solfege لە فەرەنسیدا بە واتای بنەمای گۆرانی وتن، توخمەکانی موزیک، تیۆریەکانی موزیک و چۆنیەتی نووسینەوەی موزیک دێت. لە کاتێکدا هەمان زانست لە زمانی ئیتاڵیدا بە زاراوەی سۆلفگیۆ Solfggio ئاماژەی پێکراوە، کە بەواتای ڕاهێنانی دەنگی، ڕیتمی، ئاواز و نیشانە موزیکییەکان بۆ خزمەتی گۆرانی وتن دێت (عبدالعزیز، ١٩٩١، ٦٧).

**٢- دووەم**
**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**١.٢ چەمکی ڕێگاکانی وانەوتنەوە:**
ڕێگای وانەوتنەوە بەردی بناغەی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە، کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە شێوازی گواستنەوەی زانیاری و پەرەپێدانی کارامەییەکانی قوتابییان دەگێڕێت. وشەی ڕێگا (Method)لە سادەترین واتایدا بریتییە لە ڕەفتاری نزیکترین شێواز بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان، بەڵام زاراوەی ڕێگا (Method) لە بواری پەروەردەدا بەگشتی بەکاردێت، بۆ گوزارشتکردنە لە کۆمەڵێک چالاکی و ڕێکار کە مامۆستا ئەنجامیان دەدات، وشەکە لەڕووی زمانەوانییەوە: واتە ڕێباز و ڕێڕەوێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دەگیرێتەبەر، چونکە وشەکە وەک زاراوە، واتە کۆمەڵێک ئامراز بۆ

بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بەکاردەهێنرێن. کەواتە ڕێگا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک دادەنرێت (عثمان،٢٠١٦، ٢١)، بەڵام ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەڕووی زاراوەییەوە: بەپێی السكران (١٩٨٩)، واتە ئەو ڕێکارە گشتییانەی مامۆستا پەیڕەویان دەکات. هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا ڕێگای وانەوتنەوە، بە کۆمەڵێک ڕێکار و هەنگاوی پلان ۆ داڕێژراو پێناسە دەکرێت، کە مامۆستا بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان ئەنجامیان دەدات. ئەمەش هەموو شێواز و ئامراز و کەرەستەکان لەخۆدەگرێت کە مامۆستا لە کاتی پرۆسەی فێرکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان بەکاریان دەهێنێت (عطية، ٢٠١٣، ٢٦٣) بە هەمان شێوە نشوان (١٩٩٨) ئاماژەی پێکردووە کە ڕێگای وانەوتنەوە بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاو و لێهاتوویی کە مامۆستا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییە دیاریکراوەکان بە خێراترین کات و کەمترین هەوڵ ئەنجامیان دەدات. (نشوان، ١٩٨٩، ٣٤)

سەبارەت بە ڕێگای وانەوتنەوەی هاوچەرخ (قادر، ٢٠١٨، ١٥) دەڵێت: "ڕێگاکانی وانەوتنەوە چیتر تەنها دەست و وێژی گەیاندنی زانیاری و مەعریفی نووسراوی ناو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن نین، کە لەلایەن مامۆستایانەوە بگوازرێتەوە بۆ مێشکی قوتابی". بەڵکو ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەم سەردەمە تەکنەلۆژیە هەمەلایەنەدا، ئامانجەکانی فراوانتر بووە و بۆتە فاکتەری سەرەکی ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوە، کە لەگەڵ ویست و ئارەزوو و توانای قوتابی گونجاو بێت. بەم شێوەیە قوتابی دەبێتە چەقی پرۆسەی فێرکردن و ڕۆڵی مامۆستا دەبێتە یارمەتیدەر و چاودێر بۆ فێربوون. لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێگای وانەوتنەوە "بریتییە لە پرۆسەی گەیاندنی مەعریفە و زانیاری بەپێی پلانێکی دیاریکراو بە قوتابییان، ئەمەش بە سودوەرگرتن لە هۆکار و ئامراز و تەکنەلۆژیا فێرکارییەکان، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و زانستی قوتابییان لە ماوەیەکی دیاریکراودا".

### ٢.٢ جۆرەکانی ڕێگای وانەوتنەوە:

ڕێگاکانی وانەوتنەوە زۆر و جۆراوجۆرن، کە هەریەکەیان خاڵی بەهێز و لاوازیان هەیە و هەر یەکێکیان بۆ بابەت و قۆناغێک گونجاوە. بواری موزیکیش وەک هەموو بوارەکانی دیکە، ڕێگا گشتی و تایبەتەکانی پێویستە. بۆیە مامۆستای سەرکەوتوو، ئەو مامۆستایە لە کاتی پێویست ڕێگای گونجاو هەڵدەبژێرێ، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

### ١.٢.٢ ڕێگای وانەبێژی:

ئەم ڕێگایە بریتییە لەپێشکەشکردن و گەیاندنی بابەتەکان لەلایەن مامۆستاوە بەشێوەی وتار، کە مامۆستا هەڵدەستێک بە قسەکردن بۆ قوتابییان لەسەر بابەتەکەی یان ناوەرۆکی زانستەی، کە پێویستە قوتابییەکان فێر بکات.

مارما (Marma) پێناسەی ئەم ڕێگایە دەکات: وەک ئەوەی کەسێک بەشێوەیەکی بەردەوام یان نیمچە بەردەوام دەربارەی بابەتێک یان تەوەرێکی دیاریکراو قسە بۆ کۆمەڵێک قوتابی دەکات" ئەم کەسە مامۆستا بێت یان کەسێکی دیکە، بەڵام ئەم کەسە بە "چەقی سەرەکی یان سەرچاوەی سەرەکی گواستنەوەی زانیارییەکان دادەنرێت. کەواتە ڕێگای وانەبێژی لە فێرکردندا، پەیوەندییەکی یەک لایەنەیە، کە لەلایەن مامۆستاوە زاڵە و بە بەشدارییەکی سنووورداری قوتابییان (Adjepong، ٢٠٢١، ٢٦).

### ٢.٢.٢ ڕێگای پرسیار و وەڵام:

ئەم ڕێگایە بە یەکێک لە ڕێگا کۆنەکان ناسراوە، کە هەندێک جار بە شێوازی سوقراتی ناودەبرێت. لەم ڕێگایەدا مامۆستا کۆمەڵێک پرسیار ئامادە دەکات و ئاراستەی قوتابییەکانی دەکات و پێوسیتە قوتابییەکان بیربکەنەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. بەم شێوەیە قوتابییان بەبیرکردنەوە شیکردنەوە و لێکدانەوەی پرسیارەکان سەرقاڵ دەکرێن ( رسول، ٢٠١٤، ١٤٨).

### ٣.٢.٢ ڕێگای فێربوونی بەکۆمەڵ:

ئەم ڕێگایە لە سەردەمی ئەمڕۆدا زۆر باوە. لەم ڕێگایەدا قوتابییان بەسەر چەند دەستە و گرووپێک دابەشدەکرێن، دواتر بە ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان تاکەکان لەهەر گرووپێکدا، قوتابییەکی ئاست بەرز و زیرەک سەرپەرشتی گرووپەکە دەکات و یارمەتی قوتابیە ئاست مامناوەند و لاوازەکان دەدات. بەمەش گیانی هاوکاری لە پۆلدا بەهێزدەبێت (محمد، ٢٠١١، ٨٨)، ئەم ڕێگایە لە بەشی پراکتیکی گشت بابەتەکانی موزیک و بابەتی سۆلفێج بەشێوەیەکی زۆر باو لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت.

### ٤.٢.٢ ڕێگای کرداری:

فێرکردن لەڕێگەی کردارەکی ڕاهێنانی زانستییەوە، باشترین شێوازە، کە بۆ فێرکردن بەکارهاتووە. چونکە بەشێوەیەکی زۆرباش پەیوەندی لەنێوان لایەنی کارامەیی و مەعریفی پرۆسەی پەروەردە دەردەخات. ئەمەش ڕێک ئەم ڕێگایەیە، کە بۆ لایەنی کرداری بابەتەکانی موزیک گونجاوە (البياوي، ٢٠٢١).

### ٥.٢.٢ ڕێگای ڕۆڵگێڕان یان ڕۆڵبینین و نواندن:

لە چالاکی ڕۆڵ گێڕاندا قوتابی کردار و چالاکی لە سیناریۆیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدەن. ئەمەش وەک ڕێگایەک بۆ فێرکردنی موزیک، دەرفەت دەدات بە قوتابییان بۆ نواندنی بەشەکان لە ڕووداوێکدا. بەمەش قوتابییان لەکاتی نمایشێکی موزیکدا، ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن. گرنگە بۆ مامۆستایان سوود لەم ڕەفتارە خۆرسکەی قوتابییان وەربگرن کاتێک پلان بۆ وانەی موزیک دادەنێن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی جیاواز بەقوتابییەکان بسپێرن. ئەمەش بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی قوتابییان لە گۆرانی وتن، تاکژەنین، وتنی گۆرانی بە کۆمەڵ و بەکۆمەڵ ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان لەگرووپێکدا. ئەمە ڕێگە بە قوتابییان دەدات، هاوکاری هاوڕێکانیان بکەن و لەیەکدییەوە فێری کارامەییەکان بن ( Adjepong، ٢٠٢١، ٢٨)

### ٦.٢.٢ ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان:

ئەم ڕێگایە یەکێک لە کێشەکانی پەیوەست بە بابەتی خوێندن دەکاتە چەق و خاڵی دەستپێکی وانەوتنەوە. ئەمەش لەڕێگەی بیرکردنەوە لە کێشەکان و ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان، کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجام و شیکردنەوە و لێکدانەوەکان، دواتر دانانی پێشنیاری گونجاو بەمەبەستی چارەسەرکردنیان. بەم شێوەیە قوتابی زانیاری پێویست بەدەستدەهێنێت ولەسەر شێوازی بیرکردنەوەی زانستی ڕادەهێنرێت. (الحساني، ٢٠١٠، ١١١). "ئەم ڕێگایە وا لە قوتابییان دەکات، بەپێی هەنگاوەکانی ڕێگای زانستی چارەسەری کێشەکان بکەن، لە هەمانکاتیشدا لەسەر گیانی هاوکاری و بە گروپ کارکردن هانیان دەدەن".(قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ٦٠). بۆیە ئەم ڕێگایە بۆ وتنەوەی بابەتی سۆڵفێج زۆر گونجاوە، چونکە هەندێک لە قوتابییان لە وانەی سۆڵفێج کێشەیان لە ئەداکردنی میانەیەکی دەنگی یان شێوازێکی ڕیتمی دەبێت، بۆیە قوتابی بەدواداچوون دەکات و ڕاهێنان دەکات بەڕێنمایی و چاودێری مامۆستا بۆ دۆزینەوەی ئەو هەنگاوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی پێویستن.

### ٧.٢.٢ ڕێگای پرۆژە:

ڕێگای پرۆژە لە وانەوتنەوەدا بریتییە لە پێداگۆژیای قوتابی-سەنتەرstudent-centered pedagogy، ئەم ڕێگایە هەوڵێکی فێرکاری گشتگیرە، کە پێکدێت لە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژخایەن لەسەر بابەتێک یان کێشەیەک، لەسەر بنەمای تاکەکەسی گروپی بچووک یان گەورەتر، کە لەگەڵ ئارەزوو و وزە و کاتی قوتابیدا بگونجێت (Adjepong، ٢٠٢١، ٢٨). لەم بارەیەوە ویلیەم هییەرد کیلپاتریک William Heard Kilpatrick، کە پەروەردەکارێکی کاریگەری ئەمریکییە، بەشێوەیەکی ورد پێناسەی ئەم ڕێگایە دەکات و دەڵێت: ڕێگای پرۆژە "ئەو چالاکییە بەمەبەستەیە، کە لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەگوزەرێت و جێبەجێدەکرێت". واتە ئامانجێکی دیاریکراو لە چالاکییەکە لەخۆدەگرێت، کە پەیوەستە بەژیانی فێرخواز (قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ٧٥).

### ٣.٢ تایبەتمەندییەکانی ڕێگای وانەوتنەوەی باش.

مەبەست لەڕێگای باشی وانەوتنەوە بە کورتی ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێنمایی پەروەردەکاران و فێرخوازان بکات بەرەو دەرئەنجامە پەروەردەییە مانادار و بەردەوامەکان. بەشێوەیەک ڕوون و ئامانجدار و هاندەربێت بۆ فێربونێکی چالاک، کە لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکاندا بگونجێت و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەرەوپێش ببات. لەهەمانکاتدا لەگەڵ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی بەردەوام، یارمەتی قوتابییان بدات لە ژینگەیەکی پاڵپشت و سەرنجڕاکێشدا گەشە بکەن و سەرکەوتووبن، بە تایبەتی بەپێی سیستەمی وانەوتنەوەی هاوچەرخ سەبارەت بە ڕۆڵدان بە قوتابی لە چاچێوەی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، کە پێویستە قوتابی چەقی فێربوون بێت (رسول،٢٠١٤،١١٤-١١٥) گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێگای وانەوتنەوەی باش ئەمانەی خوارەوەن.

١- پلەبەندی خستنەڕووی زانیارییەکان لە زانراوەوە بۆ نەزانراو، لە ئاسانەوە بۆ قورس، لە سادەوە بۆ لێکدراو، لە ناڕوونەوە بۆ ڕوون، لە بەشەوە بۆ گشت و لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیکی بگوازێتەوە (الحلة، ٢٠٠١، ٨٠-٨٥)

٢- گشتگیر بێت و پێکبێت لە هەموو بارودۆخ و ئەگەرە پێشبینیکراوەکان.

٣- پەیوەست بێت بە ئامانجە سەرەکییەکانی فێرکردن و کرداری فێربوون بە گشتی.

٤- بەسترابێتەوە بە ڕێگاو قۆناغەکانی وانە.

٥- بەسترابێتەوە بە ناوەڕۆکی فێربوون، هەروەها بیر و هزری قوتابی بوروژێنێت.

٦- پەیوەندی لەنێوان ڕێگای وانە وتنەوە و ئامرازە بەردەستەکانی هەبێت.

٧- هەڵبژاردنی شێوازی ڕێگای وانەوتنەوە بە پێی ڕەچاوکردنی کاتی دیاریکراو بێت.

٨- توانای فێرخواز لە بەکارهێنانی کەرستە و ئامرازە زانستییەکان، کە بۆ پەرەسەندنی تواناکانی کەسی بەکاردیت و کۆمەڵگە بەرەو پێش ببات.

٩- ڕێگایەک بێت قوتابی بکاتە سەنتەری فێربوون.

١٠- ڕێگایەک بێت جیاوازی تاکایەتی لەبەرچاوبگرێت. (عمر، ٢٠١٠، ٢٩١).

**٤.٢ پرەنسیپ و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ڕێگایەک بۆ وانەوتنەوە.**

وانەوتنەوە پروسەیەکی گشتییە و هەموو لایەنەکانی کەسایەتی و ژیری و دەروونی بەشداری تێدا دەکەن، تاڕادەیەکی زۆریش لەسەر چالاک بوونی ڕۆڵی مامۆستا و ڕێگا و شێوازی وانە وتنەوەی ئەوەوە بەندە، بەڵام هەڵبژاردنی ڕێگایە لەناو ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا کاریکی بە ئارەزوو نییە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ تویژینەوە پەروەردەیی و سایکۆلۆژییەکاندا گونجاو بێت، سەربار چەند بنەما و پرەنسیپی دیکە هەیە، کە بە کورتی لەم خالانەی خوارەوە خراونەتە ڕوو.(رسول،٢٠١٤، ١١٥).

١.هەڵوێستی مامۆستا (ویستی) بۆ پیشەکەی.

٢. سەرچاوە و ژینگە: بەردەستبوونی کەرەستە، ئامرازاکانی فێرکردن، تەکنەلۆژیا و ڕێکخستنی پۆل کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە.

٣. قەبارە و ڕووبەری پۆل و پەیوەندی بەکات و ژمارەی فێرخوازان کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی شێواز هەیە، چونکە پۆلێک ژمارەی فێرخوارانی زۆربێت مامۆستا ناتوانێت هەر ڕێگایەک دەیەوێت جێبەجێی بکات. بۆ نموونە ناتوانیت ڕێگەی (گفتوگۆ) بە کاربهێنێت، ناچارە ڕێگای وتاردان بهکاربهێنێت.

٤. پێداویستییەکانی خوێندکار: پێویستە تەمەنی خوێندکاران، پێشینە، ئاستی لێهاتوویی و شێوازی فێربوون لەبەرچاو بگرن.

٥.بەڕێوەبردنی کاتی وانە، واتا چەندە کاتی زیاتر لەبەر دەستدا بێت، دەتوانێت ڕێگایەک بەکاربهێنێت، کە زیاتر بواری بەشداری بدات بە فێرخوازان.

٦. ئامانجەکانی فێربوون: شێوازەکە دەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی وانەکە یان کۆرسەکەدا بگونجێت.

٧. شارەزایی و توانای زانستی و کەسایەتی مامۆستا.

٨. جۆری ناوەڕۆک و سروشتی بابەتەکە (تیۆری، پراکتیک، داهێنان) کاریگەری لەسەر شێوازەکە هەیە، چونکە بەپێی پسپۆڕییەکان بابەتەکان لە یەکدی جیاوازن، کە هەریەک ڕێگا و شێوازی تایبەت بە خۆی پێویستە (عمر، ٢٠١٠، ٢٩٠).

**٥.٢ کورتەیەک لە مێژووی بابەتی سۆلفێج.**

چەمکی سۆلفێج بۆ یەکەمجار لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە ئیتالیا بە مەبەستی ڕاهێنانکردن لەسەر دانراوە موزیکییەکان بەبێ وشە سەریهەڵدەدا. ئامانج لەسەرهەڵدانی سۆلفێج، یارمەتیدانی فێرخوازن بۆ پەرەپێدانی توانا دەنگییەکانیان، بەتایبەتی زەخرەفەی میلۆدییەکان و بەشە جیاکانی گۆرانیدا.

بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا چەمکی سۆلفێج لە فەرەنسا پێشکەوتنی زیاتری بەخۆەبینی، ئەمەش دوای دامەزراندنی کۆنسرفاتوارەکانی تایبەت بە خوێندنی موزیک لە پاریس. لە ساڵی ١٨٩٥دا ڕاهێنانی سۆلفێج خرایە نێو پرۆگرامە سەرەکییەکانی موزیک. بەم جۆرە سۆلفێج بوو بە سیستەمێکی بنەڕەتی لە خوێندن و فێربوونی موزیک و لە بواری

خوێندن چەندین پەرتووک تایبەت بە بابەتی سۆڵفێج لە فەرەنسا بڵاوکرانەوە، کە بەناوبانگترین پەرتووک بریتییە لە پەرتووکی بە ناوی (Solfege des Solfeges)، کە لەساڵی ١٩١٠ بڵاوکرایەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین وڵات سوودیان لە ڕاهێنانە نوێیەکانی نێو پەرتووکەکانی سۆڵفێج وەرگرت (سادی، ١٩٨٠، ٨٦٤).

هەروەها سۆڵفێج واتە ڕاهێنانی دەنگی، کە هەندێک جار بە پیتە لاتینییەکان و هەندێک جاریش بە دەنگەکانی مۆزیک (دۆ- ڕێ- می- فا...) دەردەبڕدرێت. ڕاهێنانکردنی سۆڵفێج دوو ئامانجی سەرەکی لە خۆ دەگری، کە یەکەمیان بریتییە لە ڕاهێنانی دەنگ و خوێندنەوەی نۆتەی مۆزیک ڕاستەوخۆ لەیەکەم بینیندا، کە بە سایت ڕیدینگ ناسراوە، ئامانجی دووەم بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی چوار بەندە سەرەکییەکەی وانەی سۆڵفێج، کە بریتین لە ڕیتم و ئاواز و میانە دەنگییەکان و دیکتەکردنی مۆزیکی. ( Blom,1954,85)

سۆڵفێج بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە خوێندنی دەنگە مۆزیکییەکان دەبەستێت لەڕووی بەرزی و نزمی لەڕێگەی گۆرانی وتن یان دیکتەکردنی مۆزیکی زارەکی (مطر، ١٩٧٧، ٢٢). هەروەها لە فەرهەنگی (المورد للصولفيج)دا سۆڵفێج وەک بەرنامەیەکی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر برگەی دەنگی و نۆتە مۆزیکییە نووسراوەکان لەسەر پەیژەی مۆزیکی پێناسە کراوە، کە دەڵێت: سۆڵفێج مەشقێکی گۆرانییە، کە برگە سەرەکییەکانی وەک ریتم و ئاواز و میانە دەنگییەکان و دیکتەکردنی مۆزیکی تێیدا بەکاردێت (البعلبكي، ١٩٨٠، ٨٧).

بۆیە سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی: یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی نێو پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەیی مۆزیک، کە لە پەیمانگە و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان بەگشتی دەخوێندرێت، هەروەها لقێکی ڕۆشنبیری مۆزیکی پێویستە بۆ زانستی مۆزیک، کە تایبەتمەندە بەپێدانی هەموو ئەو زانیارییانەی لەتوانای خوێندنەوەی گۆرانی و نۆتە مۆزیکییەکانی ئاواز و ڕیتم کە بە قوتابی دەدرێت. ئەمەش لەڕێگەی ناسینەوە و دیکتەکردنی نۆتەکانەوە دەبێت. واتە ئەو بابەتەیە، کە لە تیۆری مۆزیکدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی پراکتیکی (فرج، ١٩٧٣، ٦).

### ٦.٢ ئامانج لە خوێندنی بابەتی سۆڵفێج

سۆڵفێج بابەتێکی بنەڕەتییە لە پەروەردەی مۆزیکدا، کە یارمەتی قوتابییان دەدات، بۆ ئەوەی پەرە بە توانا سەرەکییەکانی مۆزیکیان بدەن. ئامانجی سەرەکی خوێندنی سۆڵفیج، بریتییە لەباشترکردنی توانای مۆزیککاران بۆ بیستن و خوێندنەوە و پێشکەشکردنی مۆزیک بە وردی و ڕاهێنانکردن و بەهێزکردنی گوێچکەی مۆزیکی بۆ ناسینەوەی دەنگ و میانە دەنگییەکان و ڕیتم و میلۆدی، کە بریتین لەتوخمە بنەڕەتییەکانی مۆزیک.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دیکەی خوێندنی مۆزیک، بریتییە لە پەرەپێدانی توانای گۆرانی وتن بە بینین (sight reading). ئەمەش ڕێگا بە قوتابییان دەدات کە لە یەکەم بینیندا مۆزیک بخوێننەوە و گۆرانی بڵێن بەبێ ئەوەی پشت بە ئامێرێک ببەستن. ئامانجێکی دیکە لە خوێندنی سۆڵفێج، بریتییە لە باشترکردنی توانای بیستن، بۆ ئەوەی قوتابییان بتوانن بە گوێگرتن لە نۆتە و ڕیتمەکان، ئەکۆردەکانیان دەستنیشان بکەن. هەروەها سۆڵفێج خوێندنەوەی ڕیتم و لێدانە ناوەکییەکان بەهێز دەکات، کە گرنگن بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگی کاتی مۆزیکەکان.

ئەمە جگە لەوەی لەڕێگەی سۆڵفیجەوە قوتابییان فێری ئەوە دەبن، کە مۆزیکی نووسراو بە دەنگەوە ببەستنەوە و یادەوەرییەکانی نێو مێشکیان لەکاتی دەربڕینی مۆزیکی پەرەپێبدەن. بۆیە سۆڵفێج پشتگیری لە هەموو بوارەکانی فێربوونی مۆزیک دەکات، لەوانەش نمایشکردن، ئاوازدانان و شیکاری مۆزیکی. بەگشتی سۆڵفێج بناغەیەکی بەهێز بۆ خوێندنی پێشکەوتووی مۆزیک و پراکتیکی پیشەیی دروستدەکات. (خليل، ٢٠٠٨، ٢١٧).

### ٧.٢ تایبەتمەندییەکانی مامۆستای سۆڵفێج

مامۆستای سۆڵفیج ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی توانای بیستن و خوێندنەوە و نمایشکردنی مۆزیکی قوتابییاندا دەگێڕێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی سۆڵفێج بنەمای هەموو بوارەکانی مۆزیکە و مامۆستا دەبێت خاوەنی سیفەتی تایبەت بێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر مۆزیک فێری قوتابییەکان بکات. ئەمانە نەک تەنیا زانیاری مۆزیک و لێهاتوویی تەکنیکی لەخۆدەگرن، بەڵکو توانای پەیوەندیکردن بەڕوونی و ئیلهامبەخشین بە قوتابییان و گونجاندن لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی فێربوونیش دەگرێتەوە. مامۆستایەکی سەرکەوتووی سۆڵفێج دیسیپلین و متمانە و هەستیاری مۆزیکی لە قوتابییەکانیدا پەروەردە دەکات. بۆیە تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مامۆستای سۆڵفێج یارمەتیدەرە بۆ

تیشک خستنە سەر گرنگی ڕۆڵی مۆمۆستایان لە پەروەردەی موزیک و دڵنیابوون لە دەرئەنجامی باشتر لە ڕاهێنانی موزیکدا، کە لەمانەی خوارەوە پێکدێن.

**أ. تایبەتمەندییە فیزیکییەکان**

چڕدەکرێتەوە لەباشی تەندروستی هەستەکانی مامۆستا، دەرکەوتنێکی ڕێکوپێکی کەسی و بوونی دەنگێکی ڕوون و بەهێز و توانایەکی جووڵەی ڕێکوپێک.

**ب ـ تایبەتمەندییە هزرییەکان.**

تایبەتمەندییە هزرییەکان پێکدێن: لە زیرەکی، خۆشەویستی بەدواداچوون، خێرایی تێگەیشتن، فراوانی مەعریفە و شاکاری، نایابی لە پاراویی بیرۆکەکان و توانای دەربڕینیان لە مامۆستادا، هەروەها هاوسەنگی نێوان ئاستی ڕۆشنبیری مامۆستا و ئاستی هزری قوتابی، توانای ڕێکخستنی لۆژیکی، نوێخوازی و ڕاستی دادپەروەری لە حوکمدان.

**ج ـ تایبەتمەندییە سۆزدارییەکان**

تایبەتمەندییە سۆزدارییەکان پێکدێن: لە بوونی بەرپرسیاریەتی، هاوسەنگی، هاوکاری، ووردی و دروستی، خۆبەکەمزانی، بەهێزی، خۆڕاگری، دانبەخۆداگرتن، فرە مەیل، میهرەبانی، خۆڕاگری، گەشبینی، سادەیی و دڵنەوایی لە مامۆستادا.

**د ـ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

توانای ڕابەرایەتی، خۆشەویستی ئەوانی دیکە، ڕەوشتی باش، هەمواری کۆمەڵایەتی، پەرۆشی چارەسەری کیشەکان و ڕەفتار باشی مامۆستا دەگرێتەوە. (خلیل، ٢٠٠٢، ١٥).

**٨.٢ کارامەیی و لێهاتووییە پێویستەکان لە مامۆستای سۆڵفێجدا:**

فێرکردنی سۆڵفێج پێویستی بە کۆمەڵێک کارامەیی و لێهاتوویی ناوازە هەیە، کە ببێتە پشتگیرییەکی بەهێز لە پەرەپێدانی توانا سەرەکییەکانی قوتابییان بۆ ناسینەوەی دەنگ و ڕیتم و گۆرانی وتن بە بینین (sight reading). مامۆستای سۆڵفێج پێویستە بۆدابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی قوتابی، زانیاری تیۆری بەهێز لەگەڵ ستراتیژییەکانی وانە پراکتیکییەکان تێکەڵ بکات. جگە لە شارەزایی موزیک، پێویستە مامۆستا پەیوەندییەکی ڕوون و لەسەرخۆ و گونجاندن بۆ قوتابییان نیشان بدات. بێگومان بوونی ئەم سیفەتانە لە مامۆستادا، دڵنیای ئەوە دەدەن، کە قوتابی نەک تەنها لە چەمکە موزیکییەکان تێبگەن، بەڵکو بە متمانەوە جێبەجێیان بکەن. ئەم بابەتە باس لەو کارامەیی و لێهاتووییە سەرەکیيانە دەکات کە مامۆستایەکی کاریگەر لە سۆڵفێج ئەنجامی دەدات، کە گرنگترینییان ئەمانەی خوارەوەن:

١- پێویستە زانا بێت لە زانیارییە تیۆری و زانستییەکان و وردەکارییە بنەڕەتییەکانی بابەتی سۆڵفێج.
٢- پێویستە شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە بنەماکانی وانەوتنەوەی ئەم وانەیە.
٣- پێویستە شارەزایی تەواوی زمانی موزیک بێت، هەر لە خوێندنەوە و نوسین و گۆرانی گوتن.
٤- پێویستە توانای نوێگەری لە دروستکردنی ڕاهێنانی هەبێت لە هەموو بەندەکانی وانەکە.
٥- پێویستە توانای گونجاندنی هەبێت لە نێوان ئاستە زانستییەکەی و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن.
٦- پێویستە خاوەن کەسایەتییەکی و سەرکردەیی هەبێت و هەڵسوکەوتی لە کاتی وانەوتنەوەدا باش بێت.
٧- پێویستە شارەزا بێت لە ژەنینی ئامێری پیانۆ بەشێوەیەکی باش.
٨- پێویستە توانای هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابی هەبێت لە کارامەییە جیاوازەکانی بابەتەکەدا. (فرج، ١٩٧٣، ٧٦).

**٩.٢ ڕێبازە سەرەکییەکانی بابەتی سۆڵفێج**

سۆڵفێج وەک بەشێکی گرنگی پەروەردەی موزیک، بەسەر بوارە جیاوازەکاندا دابەشکراوە، کە پەرە بە توانا تایبەتەکانی موزیک دەدەن لە قوتابییاندا. بۆ تێگەیشتن و فێرکردنی سۆڵفێج بە شێوەیەکی کاریگەر، پێویستە جۆرە سەرەکییەکان و ڕۆڵ و ئەرکەکانیان لە فێربووندا بناسین، کە هەر جۆرێکیان سەرنجییان لەسەر پەرەپێدانی لایەنێکی تایبەتی موزیکە، کە پێکدین لە ڕیتم، میلۆدی، خوێندنەوە و هارمۆنی. بۆیە پێویستە بەوردی لەم جۆرانە بکۆڵینەوە و بیانناسێنین، کە ئەمانەی خوارەوەن.

**١. سۆڵفێجی ڕیتمی Rhythmic Solfege:**

سۆڵفێجی ڕیتمی بەشێکی سەرەکییە لە پەروەردەی موزیک، کە گرنگی بە یارمەتیدانی قوتابییان دەدات، لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ڕیتمە موزیکییەکان. کەواتە بریتییە لە ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی ناسینەوە و ژماردن و جێبەجێکردنی شێوە ڕیتمییە جیاوازەکان بە بەکارهێنانی بەشەکانی کات، ژماردنەکان، یان کردارە جەستەییەکانی وەک چەپڵە لێدان و ڕیتم کوتان. زۆرجار ئەمە پێی دەوترێت ڕاهێنانی ڕیتم، مەشقی لێدانەکان.

ئامانجی سەرەکی سۆڵفێجی ڕیتمی پەرەپێدانی هەستێکی بەهێزی ناوەکییە بۆ کاتی لێدانەکانی دڵ، کە بەهۆیەوە فێرخوازەکان فێری ئەوە دەبن، کە چۆن نووسینی ڕیتمی بخوێننەوە، دەستەواژە کاتییەکان پەیڕەو بکەن و بە وردی ئەنجامییان بدەن. هەروەها هەماهەنگی موزیککارەکان ڕێکدەخات و قوتابییان ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی بە متمانەیەکی زیاترەوە موزیک پێشکەش بکەن، جا بە تەنیا بێت یان لەگەڵ تیپەکاندا. سۆڵفێجی ڕیتمیک بناغەی کارامەیی موزیکی پێشکەوتووتر پێکدەهێنێت و پشتگیری لە گەشەپێدانی هەردوو جۆر موزیکی ئامێری و دەنگی دەکات.

**٢. سۆڵفێجی گۆرانی Song Solfege:**

سۆڵفێجی گۆرانی ڕێگەیەکی بنەڕەتییە لەقوناغی سەرەتای پەروەردەی موزیکدا، بەتایبەت بۆ کەسانی سەرەتایی و منداڵان. بریتییە لە گۆرانی وتن بە میلۆدی سادە بە بەکارهێنانی بەشەکانی سۆڵفێج وەک Do، Re، Mi، Fa، Sol، La، Si. ئەم پراکتیزەیە زۆرجار پێی دەوترێت (گۆرانی دۆ-ری-می) یان (گۆرانی سۆڵفێج)، یان بە سادەیی (مەشقی گۆرانی وتن).

ئەم شێوازە یارمەتی قوتابییان دەدات بۆ پەرەپێدانێکی وردی توانای دەنگ و بیرەوەری میلۆدییەکان و کۆنترۆڵکردنی دەنگ. فێرخوازان تێگەیشتنێکی ڕوون لە پەیوەندی پەیژە موزیکییەکان و پێکهاتە تۆناڵییەکان دروستدەکەن. هەروەها دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ دەربڕینی موزیکی و متمانە بەخۆبوون لە گۆرانی وتندا. ئامانجی سەرەکی خوێندنی سۆڵفێجی گۆرانی بریتییە لە پێشکەوتنی توانای گۆرانی گوتن، یان نوسراوە موزیکییەکان لەسەر بنەمای بەرزی و نزمی، هۆشیاری پلەبەندی و زنجیرەی میلۆدییەکان. کە گرنگترینیان کۆنترۆڵکردنی ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت.

- ئاوازە ( مەقامی و نامەقامی)یەکان
- میانە میلۆدییەکان
- پەیژەکان و مەقاماکان
- ئەکۆردەکان بە جۆرەکانییەوە ( سیانی، چواری) بە شێوای میلۆدی
- وێناکردنی میلۆدییەکان
- گۆرانکارییەکان

**٣. سۆڵفێجی خوێندنەوە Reading Solfege:**

سۆڵفێجی خوێندنەوە، خوێندنەوەی نۆتە موزیکییەکانە لەسەر کلیلە جیاوازەکان و کێشە جیاوازەکان، ئەمەش بۆ خزمەتگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بە گۆرانی وتن بە بینین ( sight reading) ناسراوە، کە یەکێکە لە فۆرمەکانی سۆڵفیج، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان پراکتیزە دەکرێت. بریتییە لە خوێندنەوەی نۆتەی نووسراو و ڕاستەوخۆ، بەبێ ئەوەی پێشتر ڕاهێنانی تێدا کرابێت.

ئامانجی سەرەکی سۆڵفێجی خوێندنەوە، پەرەپێدانی توانای قوتابییانە بۆ پێشکەشکردنی موزیک ڕاستەوخۆ بەبێ پرۆڤەی پێشوەختە. ئەم لێهاتووییە، توانای فێرخوازی موزیک لە خوێندنەوەی موزیکی زارەکی و میلۆدی، هەروەها خوێندنەوەی نۆتەی ئامێری پسپۆری و سکۆری ئامێرەکان لە دانراوە موزیکییەکان باشتر دەکات.

**٤. سۆڵفیجی هارمۆنی Harmony Solfege:**

سۆڵفێجی هارمۆنی تایبەتە بە پەرەپێدانی توانای بیستن و تێگەیشتن و گۆرانی وتن بە هارمۆنی. واتە ئەم جۆرەیان تەنها تێگەیشتن نییە لە یەک تاکە میلۆدی، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ ڕاهێنانی قوتابییان لە ناسینەوەی میلۆدییەکان، ئەکۆرد و میانەی دەنگەکان و پێشکەوتنی هارمۆنی. ئەم پراکتیزەیە زۆرجار بە (گۆرانی ئەکۆرد)، یان (گۆرانی وتن بە

هاوئاهەنگی)، یان (ڕاهێنانی گوێ بۆ هارمۆنی) ناسراوە. بە شێوەیەکی باو لە ژینگەکانی کۆراڵ یان لە تیپەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە گۆرانیبێژان لە بەشەکانی وەک سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تێنۆر و باسدا نمایشدەکەن.
ئامانجی خوێندنی ئەم جۆرە، بەهێزکردنی بیستنی ناوەکی مرۆڤ و توانای پاراستنی هێڵە دەنگییەکەیە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە لە بەشە جیاوازەکانی دیکە دەیڵێنەوە. فێرخوازەکان فێر دەبن ئەرکە هارمۆنیەکان دەستنیشان بکەن و بەوردی لەنێوان دەنگە تەبا و ناتەباکان میلۆدی بڵێن. ئەم لێهاتووییە بۆ گۆرانی وتن لە تیپەکان و ئاوازدانان و شیکاری موزیکی زۆر گرنگە، چونکە سۆڵفیجی هارمۆنی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پێکهاتەکانی موزیکدا دروستدەکات و ئاستی موزیکی خوێندکار دەوڵەمەند دەکات، ئەمەش وایکردووە ببێتە پێکهاتەیەکی بەنرخ لەنێو جۆرەکانی پەروەردەی موزیکدا (فهمی، ٢٠٠٥، ١١).

**٢-١٠: ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج.**

بۆ فێرکردنی سۆڵفێج بەشێوەیەکی کاریگەر، چەندین شێوازی جۆراوجۆر هەیە، کە لایەنە جیاوازەکانی فێربوونی موزیک دەگرێتەوە. وەکو خوێندنەوەی دەنگەکان، خوێندنەوەی ڕیتمی، خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ و تواناکانی بیستن. هەر یەکێک لەم ڕێگا و شێوازانە ستراتیژی ناوازە بۆ یارمەتیدانی قوتابییان بۆ ناوەکیکردنی چەمکە مۆزیکییەکان و پەرەپێدانی تواناکانی گوێگرتن و نمایشکردنێکی بەهێز پێشکەشدەکات. بۆیە بە بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە ڕێبازە بینراو و بیستراو و جووڵەییەکان، مامۆستایان دەتوانن خۆیان لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی فێربوون و ئاستی لێهاتوویی بگونجێنن. ئەم پێشەکییە ڕێگا سەرەکییەکانی فێرکردنی سۆڵفێج دەخاتەڕوو، وەک بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن هەر شێوازێک پشتگیری لە گەشەپێکردنی توانای موزیکی قوتابییان دەکات بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنیان بۆ ئاستی پێشکەوتووتر. بۆیە ئەرکی مامۆستایە ڕێگایەکی گونجاو بۆ وانەوتنەوە بابەتی سۆڵفێج هەڵبژێرێت. (صبری،١٩٧٨، ٣٢). دیارترین ئەو ڕێگایانەی لە وانەوتنەوەی بابەتی سۆڵفێج پەیڕەودەکرێن ئەمانەی خوارەوەن:

**٢-١٠-١: ڕێگای ئیمی باری (١٧٨٩-١٨٨٦).**

ئیمی باری ( Aimee Paris) یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەی جیهان لە فێرکردنی سۆڵفێجی ڕیتمدا دانیپێداناوە. ئەویش بە سەلماندنی دەرئەنجامی سوودەکەی، کە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی سنوری کات بۆ زانینی بەهاکانی کات. ئەم ڕێگایە شێوە جیاوازەکانی ڕیتم دەگۆڕێ بۆ چەند ڕێڕەوێکی تایبەتی زارەکی، بە مەبەستی ئاسانکردنی خوێندنەوە و درککردن بە پەیوەندی مەودای نێوانیان بە هۆشیارییەکی دروست (خلیل، ٢٠٠٢، ١٥٥). ئیمی باری هەڵدەستێت بە پێشنیازکردنی ناوی تایبەت بە یەکە ڕیتمییەکان و دابەشکردنیان و زیادکردنیان لە هەردوو کێشی سادە و لێکدراو (صبری،١٩٧٨، ٣٥). وەک لەم خشتەی خوارەوەدا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (١) پیشاندانی ڕێگای ئیمی باری بۆ شێوە ڕیتمییەکان**

| هێمای ڕیتمی | برگەی دەنگی | شێوازی گوتن | هێمای ڕیتمی | برگەی دەنگی | شێوازی گوتن |
|---|---|---|---|---|---|
|  | Ta | Tah |  | Ta-a-a-a | Tah-ah-ah-ah |
|  | Ta-+e | Tah-Tay |  | Ta-a | Tah-ah |
|  | Ta-fa-te-fe | Tah-fah-tef-fy |  | Ta-a-a | Tah-ah-ah |
|  | Ta-fa-te | Tah-fah-tay |  | Ta-a-te | Tah-ah-ah |
|  | Ta-te-fe | Tah-tef-fy |  | Ta-te-te | Tah-tay-ah-tay |
|  | Ta-fa-fe | Tah-fah-fy |  | Ta-te-a-te | Tah-tay-ah-tay |
|  | Ta-e-fe | Tah-ef-fy |  | Sa | Sah |
|  | Ta-fa-a | Tah-fah-ah |  | Se | Say |

### ٢-١٠-٢: ڕێگای ڕیتمی جووڵەیی Eurythmies

ئەم ڕێگەیە لەلایەن موزیکدانەر و مامۆستای سویسری (ئیمیل جاک دالکرۆز)ەوە لەماوەی نێوان (١٨٦٥-١٩٥٠) داهێنرا. دالکرۆز فەلسەفەی پەروەردەیی خۆی لەسەر بنەمای ڕیتم دانا، کە بەڕێگەی ڕیتمی جووڵەیی Eurythmies ناسراوە، دالکرۆز لە ڕێبازە پەروەردەییەکەیدا، کە لە سێ بنەمای وەک ( ڕیتمی جووڵەیی، سۆلفێج، ئیمپرۆڤیزەیشن) پێکهاتووە، جەستە بە یەکەم ئامێری موزیکیی دادەنێت. ئەم ڕێگایە جووڵەی جەستە بە موزیک دەبەستێتەوە و جووڵەی جەستەی لە ڕاهێنانی موزیکدا بەشداری پێدەکات.

ئامانجی ئەم ڕێگەیە پەرەپێدانی هەستی موزیکییە لەڕێگەی بەستنەوەی توخمەکانی موزیک بە جووڵەی سروشتی جەستەوە (سعيد، ٢٠١٧، ٤٣) قوتابییان لەم ڕێگەیەوە هێمای کات و بەها کاتییەکانی موزیک بە جووڵەی جەستەکانیان دەردەبڕن وەک: هێمای ڕۆند بۆ جووڵەی خاو، هێمای بلانش بۆ هێواشی ڕۆیشتن، هێمای نوار بۆ خێرا ڕۆیشتن، هێمای کرۆش بۆ بازدان، بەم شێوەیە بە گۆرانی وتن، بەرجەستەکردنی دەنگەکان و میانە میلۆدییەکان لەڕێگەی جووڵەوە فێردەکرێن، کە تاکو ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهان دەخوێندرێت.

### ٣-١٠-٢: ڕێگەی کارڵ ئۆرف Carl Orff

ئەم ڕێگەیە کاریگەری ڕێگای دالکرۆزی لەسەرە، بەتایبەتی لە فێرکردنی ڕیتمدا، کە جووڵەی جەستە لەگەڵ ڕیتم بەکاردەهێنرێت، بەڵام جووڵەکانی ڕێگەی ئۆرف خێراتر و توند تر و ڕوونن. ڕێگای کارڵ ئۆرف پەروەردەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەڕێگەی ئەزموونە ئیمپرۆڤیزەیشنەکانەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کارڵ ئورف، ئامێرەکان، گۆرانی، جووڵە و قسەکردن بۆ پەرەپێدانی توانا موزیکییەکانی منداڵان و گەوران تێکەڵ دەکات. بنەمای ڕێگەی ئۆرف بەسەر سێ قۆناغ دابەشکراوە:

١. لاسایی Imitation : لەم قۆناغە مامۆستا یاخود لیدەری گروپ هەر میلۆدییەک یان شێوازێکی ڕیتمی دیاریکراو (دەژەنێ- پێشکەش دەکات) گروپەکە دووبارە دەکەنەوە.

٢. گەڕان Exploration: قوتابی دەرفەرتیان هەیە بۆ گەڕان بەدوای دەنگەکان لەسەر ئامێرەکانیان بە توانای دەنگ و جەستەیی خۆیان بەو بەشێوەیەی داواکراوە دەنگ و ڕیتمەکە پێشکەشدەکات.

٣. ئیمپرۆڤیزەیشن و ئاوازدانان Improvisation Composition: لەم قۆناغەدا قوتابییان توانای ژەنین و گۆرانی وتنی میلۆدییەکان لە هەمان کات دەبێت. واتە هاندەدرێن و داوایان لێدەکرێت میلۆدی دانراوی خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی ئەم دانراوانەی خۆیان لەگەڵ هاوپۆلەکانیان و کەسانی دیکە بژەنن. (Lumen Learning, no date)

ئەم ڕێگایە هەستی یەکسانی، چێژوەرگرتن، و کارکردن بە گروپ پەرەپێدەدات. هەروەها ڕۆڵی تاکەکەسی وەک سۆلۆ لە گۆرانی وتن و تاکژەنین دەخاتەڕوو. هەموو ئەم کردارانە لەگەڵ ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە هانی قوتابی دەدەن بۆ بەشداری چالاکانە.

### ٤.١٠.٢: ڕێگای دۆی جێگیر (fixed-Do )

بنەمای ئەم ڕێگایە لەلایەن زانای ئینگلیزی (جۆن کروین John Curwen ١٨١٩-١٨٨٠) داهێنرا. تیایدا میتۆدەکەی لەسەر بنەمای (Resolution Do) بنیاتناوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەنگی (Do) بنەمای هەموو پەیژە گەورە موزیکییەکانە. هەروەها هەموو پەیژە گەورەکان لەڕووی میانەوە وەک یەکن. کەواتە لەڕێگەی دۆی جێگیر (Fixed Do)، ناوی نۆتەکان هەمیشە وەک خۆیان دەهێڵێتەوە، بەبێ گوێدانە پەیژەی موزیکی بەکارهاتوو، کە بەم شێوەیە دەبێت: دۆ (Do) – ڕێ(Re) – می(Mi) – فا(Fa) – سۆڵ(Sol) – لا(La) – سی(Si) ، ئەم ناوانە لە هەموو سکێڵەکاندا وەکخۆیان دەمێننەوە، واتە "دۆ" هەمیشە C یە، چ لە پەیژەی دۆی گەورە (CM) بێت یان لە پەیژەی فای گەورە (FM)بێت، یان هەر پەیژەیەکیتر. قوتابی لە پەیوەندی نێوان پلەکانی پەیژە تێدەگات، پاشان بەسەر هەموو پەیژە گەورەکاندا جێبەجێیدەکات، بەبێ ئەوەی پێویست بکات لەسەر هەر پەیژەیەک بە جیا ڕاهێنان بکات.

### ٢-١٠-٥: ڕێگای دیکرولی

داهێنانی ئەم ڕێگەیە دەگەڕێتەوە بۆ موزسیانی فەرەنسی دیکرۆلی ١٨٧١-١٩٣٢. ئەم ڕێگەیەی لەسەر بنەمای پەرەپێدانی هەستکردن بە چینە دەنگییەکان لەڕووی بەرزی و نزمی و دووبارەبوونەوە بنیاد ناوە بە بێ بەکارهێنانی پلیکانەی موزیک، ئەمەش بەهۆی دانانی هەموو نیشانە دەنگییەکان لە نێو چوارگۆشە و بەستنەوەیان بە یەکتری، کە نەخشەی ڕوونکردنەوەی شوێنی هەر پلە دەنگییەک لەگەڵ ئەوانیتر بەپێی بەرزی و نزمی چینی دەنگ یان دووبارە بوونەوە و جولەی ئاڕاستەی دەنگەکان هەژمار دەکرێت. وەک لە وێنەی ژمارە(١)دا هاتووە.




**وێنەی ژمارە (١) ڕوونکردنەوەی ڕێگای دیکرولی**

ڕێگەی دیکرۆلی یەکێکە لە ڕێگە سەرەتاییەکانی ڕاهێنان، کە شێوە بۆ فێرخوازە سەرەتاییەکان بۆ فێربوونی نووسینی موزیک پیشان دەدات. بە بۆچوونی شارەزایان ئەم شێوازە بە هەمان بیرۆکە بە ئاراستەیەکی تردا سەریهەڵدا، کاتێک (مۆریس شوفیە) خشتەی داتایی بەکارهێنا، بەڵام بە بەکارهێنانی نیشانەی (تیر) بۆ بەرزی و نزمی یاخود هێڵی ڕاست و پێچراو بۆ گوزارشتکردن لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ئاواز. وەک لە وێنەی ژمارە(٢)دا هاتووە.



**وێنەی ژمارە (٢) پیشاندانی ڕێگەی دیکرۆلی بە وێنە**

### ٢-١٠-٦: ڕێگەی میانەکان Music Intervals

گومانی تێدا نییە فێربوونی سۆڵفێج هەمیشە بەستراوە بەوەی لە دانراوە موزیکییەکاندا هەیە. خوێندنی پەروەردەی گوێچکە بە ڕێگای میانەکان لە باشترین ڕێگاکانە، کە موزیکی نوێ و کۆن دەبەستێتەوە لە گۆرانی وتنی ئاوازە مەقامییەکان و نامەقامییەکان، هەروەها ئەم ڕێگایە خزمەت بە لایەنی هارمۆنی دەکات لەڕووی کۆک و ناکۆکی دەنگەکان لە کاتی جێبەجێکردندا، چونکە میانە بەشێکە لە ئەکۆردەکان.

میانەی موزیکی Music Intervals میانەی نێوان دوو دەنگ یان دوو پلەی موزیکییە، میانە بەکارهاتووەکان لە موزیک دابەش دەبنە سەر پێنج جۆر( تەبا، گەورە، بچووک، بچوککراو، گەورەکراو). میانەی موزیکی تەنها میانەیەکی ژمێریاری نییە، بەڵکو هەر میانەک مۆر و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازیان لەگەڵ یەکتر لەڕووی کاریگەری موزیکی، دەکرێ سروشتی سەقامگیری بێت یان بە پێچەوانەوە، دەکرێ تەبای بێت یان ناتەبا، ئەمەش کاتی خوێندن دیاردەکەوێت (صبری، ١٩٧٨، ٥٥).

**٧-١٠-٢: ئامراز و بەرنامەی دیجیتاڵی بۆ فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێ**

لە دەیەکانی ڕابردوودا، تێکەڵکردنی ئامرازە دیجیتاڵییەکان لە پەروەردەی موزیک، شۆڕشێکی گەورەی لە شێوازی فێرکردن و پراکتیزەکردنی ڕاهێنانی سۆڵفێج و گوێچکەدا کردووە. سۆڵفێج: سیستەمی دەستنیشانکردنی دەنگە موزیکییەکان. و ڕاهێنانی گوێیە، کە پەرە بەهەستی بیستنی مرۆڤ دەدات و کارامەییەکی بنەڕەتییە بۆ موزیککاران دابیندەکات. بۆیە تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان، دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئەم کارامەییانە بە فۆڕمێکی کارلێککارانە و باشترکردنی فێربوون.

ئێستا فێرکاری بە یارمەتی کۆمپیوتەر و بەرنامە و ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل، داهێنانی نوێ بۆ ئەزموونی فێربوون پێشکەش دەکەن، کە دەبنە هۆی زیاتر سەرنجڕاکێش بوونی سۆڵفێج و کارا کردنی قوتابییان لە فێربوونی، چونکە ئەم ئامرازانە پشتگیری لە هەردوو سیستەمی جێگیر و جووڵاو دەکەن بۆ ناسینەوەی میانە دەنگییەکان، دیکتەکردنی ڕیتمیک، گۆرانی وتن بە بینین sight reading، نووسینەوەی میلۆدییەکان. جگە لەوەش ڕێگە بە قوتابییان و مامۆستایان دەدەن کە بە تێپەڕبوونی کات بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکان بکەن و ناوەڕۆکەکان بەپێی پێداویستییەکانی فێربوونی تاکەکەسی خۆیان بگۆڕن.

بەهای پێداگۆجی ئەم تەکنەلۆژیایانە، لەوەدایە کە توانا شاراوەکانی نێو پۆلەکان دەدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا جۆرێک لە سەربەخۆیی پێشکەش بە قوتابییان دەکەن. بۆیە لە ئەنجامدا پێویستە بڵێین، ئامراز و بەرنامەی دیجیتاڵی بۆ فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێ، پێداویستییەکی سەرەکین بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە خوێندنی موزیکدا، لە پێناو بەرجەستەکردنی پەروەردەیەکی مۆدێردن بۆ خوێندنی بوارەکانی موزیک بەگشتی و سۆڵفێج بەتایبەتی، لەم بارەیەوە ئەم کۆمەڵە ئامراز و بەرنامەی دیجیتاڵییانەی خوارەوە دەخەنەڕوو، کە پێکهاتووە لە:

١. Auralia Ear Master: ئەم بەرنامانە بەشێوەیەکی باو لە کۆنسێرڤاتۆرەکانی خوێندی موزیک بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی باشکردنی ڕاهێنانەکانی بیستن.
٢. Toned Ear: ئامرازێکی ئۆنلاینە بە خێرایی دەتوانرێت بۆ ڕاهێنانی گوێچکە سوودی لێ وەربگیرێت، بەتایبەتی بۆ زانینی میانەکان و ئەکۆردەکان و ناسینەوەی پەیژەکانیان.
٣. Teoria: ماڵپەڕێکی پەروەردەییە، کە فێرکاری و ڕاهێنانی گرنگ بۆ فێربوونی تیۆرەکانی موزیک، سۆڵفێج و پەروەردەی گوێچکە پێشکەش دەکات.
٤. Sing True: ئەپلیکەیشنێکی مۆبایلە، کە یارمەتی بەکارهێنەران دەدات بۆ باشترکردنی دەنگ و کۆنترۆڵکردنی گۆرانی وتن.
٥. Functional Ear Trainer: گرنگی بە پەرەپێدانی ناسینەوەی دەنگەکان دەدات لە دەنگە هارمۆنییەکاندا.
٦. Perfect Ear: ئەپڵیکەیشنێکی مۆبایلە بۆ ئەندرۆید و ئای ئوس، یارمەتی دەرە بۆ ڕاهێنانی کێش و میانەکان و ڕیتم و گۆرانی وتن بە بینین sight reading.
٧. MusicTheory.net: وانەی بێبەرامبەر و ڕاهێنانی تایبەتی تێدا بەردەستە بۆ فێرکاری سۆڵفێج و گەشەکردنی گوێچکە.
٨. Sound Gym: پلاتفۆرمێکە تایبەت بەڕاهێنانی گوێچکە.

جێی ئاماژەیە ئەم ئامراز و کەرەستە تەکنیکی و تەکنەلۆژیانە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە پێشخستنی موزیک بەردەوامن.(Lumen Learning, no date)

## ٣.سێیەم
## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە
## Methodology, Research Design

### ١.٣: ڕێبازی توێژینەوەکە:
لەم توێژینەوەیەدا لەپێناو گەیشتن بە هەڵسەنگاندن و گەیشتن بە زانیاری دەربارەی ڕێگا پەیڕەوکراوەکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین، کە تا چەند مامۆستایان توانیویانە ڕێگای گەنجاو بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی دیاریکراو ئەو کارامەییانەی مەبەستیانە لە قوتابییان بەدەستیبهێنن، ڕێبازی وەسفیی شیکاریی گیراوەتەبەر.

### ٢.٣: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:
کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێگا جیهانییەکانی وانەوتنەوەی سۆڵفێج و مامۆستایانی پسپۆڕی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین، کە پسپۆڕان بۆ ڕاوەرگرتینیان بەشێوەی مەبەستدار بە پشتبەستن بەم هۆکارانەی خوارەوە دەستنیشان کراون.
١- تەنها ئەوانەی کە پسپۆڕیی وردیان لە بابەتی سۆڵفیج هەیە یان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو وانەی سۆڵفێجیان لە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە قۆناغە جیاوازەکان وتوتەوە.
٢- ئەزموونی کارکردن: تەنها ئەو پسپۆڕانەیان وەرگرتووە، کە ئەزموونی کارکردنیان زیاترە لە (١٠) دە ساڵ.
٣- بڕوانامە: تەنها ڕای ئەم پسپۆڕانە وەرگیراوە، کە بڕوانامەکانیان ماستەر و بەسەرەوەیە.

### ٣ .٣: دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوەکە:
نموونەکانی ئەو توێژینەوەیە بریتین لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆڵفیج، کە ژمارەیان (٦) ڕێگایە، کە لە جیهاندا لە وتنەوەی وانەی سۆڵفێج لەلایەن پسپۆڕانی موزیک پەیڕەودەکرێن. ئەمەش دوای ئەوەی ئەم ڕێگایانەی وانەوتنەوەی سۆڵفێج خرانە بەردەستی پسپۆڕان، بۆ ئەوەی لەلایەن پسپۆڕانەوە لە فۆرمێکی ڕاپرسیدا، وەڵامی پێویستیان لەبارەیەوە وەربگیرێت و چۆنیەتی و ڕێژەی بەکارهێنانیان بەهۆی دەستیشانکردنی ڕێژەی سەدی بۆ هەر پرسیارێک سەبارەت بەهەر ڕێگایەک. کە ڕێگاکان بریتین لەم ڕێگایانەی کە لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (٢) دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە.**

| ژ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆلفێج - نموونەکانی توێژینەوە |
|---|---|
| ١ | ڕێگای میانەکان |
| ٢ | ڕێگای کارڵ ئۆرف |
| ٣ | ڕێگای ڕیتمی جولەیی (دالکرۆز) |
| ٤ | ڕێگای تیمی باری |
| ٥ | ڕێگای دۆی جێگیر (Foxed Do) |
| ٦ | ڕێگای دیکرۆلی |

### ٤.٣: پێوەرەکانی ڕاپرسی:
بەمەبەستی زانین و گەیشتن بە ئەنجامی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانەی وانەوتنەوەی سۆڵفێج لەلایەن مامۆستایانی سۆڵفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، هەروەها گەیشتن بە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی مامۆستایانی سۆڵفێج لەبەرکارهێنان و پەیرەوکردنی ڕێگاکان، توێژەران چەند پرسیارێکیان کردە پێوەر و لەچوارچێوەی فۆرمی ڕاپرسیدا، خستیانە بەردەستی پسپۆڕان و لەڕێگەی چاوپێکەوتنی کەسی وەڵامی پرسیارەکانیان لەبارەی ڕێگەکانەوە

بەدەستهێنا. پسپۆران بۆ هەر پرسیارێک بەهۆی دانانی نیشانەی ✓ لەژێر ئەو ڕێژەی پەسەندیان کردووە، وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە. کە پرسیارەکان ئەمانەی خوارەوەن.

١. تا چەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گوێچکە؟
٢. تا چەند دەبێتە هۆی ناسینی دەنگەکان و ناسینەوەیان بە گوێ؟
٣. تا چەند دەبێتە هۆی ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی ڕیتمەکان لە کاتی بیستن؟
٤. تا چەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یادەوەری موزیکی؟
٥. تا چەند دەبێتە هۆی بەهیزکردنی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ؟
٦. تا چەند دەبێتە هۆی باشکردنی قوتابی لە ژەنینی ئامێرییدا؟
٧. تا چەند دەبێتە هۆی زیادکردنی تێگەیشتنی موزیکی لای قوتابییان؟
٨. تا چەند ئامراز و بەرنامە دیجیتاڵییەکانی فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێ بەردەستن بۆ بەکارهێنان؟

**خشتەی ژمارە (٣) فۆرمی ڕاپرسی لێژنەی پسپۆڕان**

| ژ | ڕێگاکان | ڕێگای میانەکان | | | | | ڕێگای کارڵ ئۆرف | | | | | ڕێگای ڕیتمی جولەیی (دالکرۆز) | | | | | ڕێگای تیمی باری | | | | | ڕێگای دۆی جێگیر (Fixed Do) | | | | | ڕێگای دیکرۆڵی | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی بەدەستهاتووی کارامەییەکان | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | 20 % | 40 % | 60 % | 80 % | 100 % | |
| ١ | تاچەنددەبێتە هۆی بەهێزکردنی گوێچکە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | تا چەند دەبێتە هۆی ناسینی دەنگەکان و ناسینەوەیان بەگوێ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٣ | تاچەند دەبێتە هۆی ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی ڕیتمەکان لە کاتی بیستن | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٤ | تاچەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یادەوەری موزیکی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٥ | تاچەند دەبێتە هۆی بەهیزکردنی خوێندنەوەی راستەوخۆ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٦ | تاچەند دەبێتە هۆی باشکردنی قوتابی لە ژەنینی ئامێریددا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٧ | تاچەند دەبێتە هۆی زیادکردنی تێگەیشتنی موزیکی لای قوتا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٨ | تاچەند ئامراز و بەرنامەی دیجیتاڵی بۆ فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێ بەردەستن بۆ بەکارهێنان. | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ڕێژەی سەدی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

### ٥.٣: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا.

توێژینەوە زانستییەکان بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیان پێویستیان بە ئامرازی جۆراوجۆر هەیە، ئامرازەکانیش بەپێی جۆر و بابەتی توێژینەوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لەم توێژینەوەدا توێژەران فۆڕمی ڕاپرسی پسپۆڕانیان بەکارهێناوە.

### ٦.٣: کەرەستە وپێداویستییەکان

گرنگترین ئەو کەرەستە وپێداویستییانەی، کە لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون بریتین لە: بەرنامەی سبلیۆز بۆ نووسینەوەی نۆتەکان، ئینتەرنێت، پەرتووک و توێژینەوە زانستییەکان.

### ٧.٣: ئەنجامی ڕاپرسی:

ئەنجامی شیکاری ڕاپرسی، پشت دەبەستێت بەو ڕێژانەی پسپۆڕان سەبارەت بەبەکارهێنانی ڕێگاکان، بەگوێرەی پێوەرەکانی ڕاپرسی دیارییان کردووە و ڕای پێویستییان لەبارەیەوە وەرگیراوە، کە پسپۆڕەکان مارەیان پێنج ئەندامە و پێکهاتوون لە (١. پ. ی.د. ئامانج غازی شاکر، ٢. د. سیروان محمد مصطفی، ٣. م.ی. گۆران طه عبدالقادر ، ٤. م.ی. شێرزاد احمد معروف، ٥. م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید)، کۆئەنجامی ڕاپرسییەکەیان لەم خشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤) کۆ ئەنجامی ڕادەربڕینی ئەندامانی لێژنەی پسپۆڕی

| پرسیارەکانی ڕاپرسی | تاچەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گوێچکە | | | | | تا چەند دەبێتە هۆی ناسینی دەنگەکان و ناسینەوەیان بەگوێ | | | | | تاچەند دەبێتە هۆی ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی ریتمەکان لە کاتی بیستن | | | | | تاچەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یادەوەری موزیکی | | | | | تاچەند دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ | | | | | تاچەند دەبێتە هۆی باشکردنی قوتابی لە ژەنینی ئامێریدا | | | | | تاچەند ئامراز و بەرنامەی دیجیتاڵی بۆ فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێ بەردەستن بۆ بەکارهێنان. | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگاکان و ڕێژەی ڕای پسپۆڕان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| **١. ڕێگای میانەکان** |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی | | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر | | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| ٢. ڕێگای کارل ئۆرف |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| ٣. ڕێگای ڕیتمی جوڵەیی (دالکرۆز) |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر | |✓| | | | | |✓| | |✓| | | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی | |✓| | | | | |✓| | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر | | |✓| | |✓| | | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید |✓| | | | | | |✓| | | | |✓| | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |
| ٤. ڕێگای تیمی باری |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید | | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| |✓| | | | |
| ٥. ڕێگای دۆی جێگیر (Fixed Do) |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | | |✓| | | |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید | |✓| | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | |✓| | | | | |✓| | | |✓| | | | |
| ٦. ڕێگای دیکرۆلی |20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|20 %|40 %|60 %|80 %|100 %|
| پ.ی.د ئامانج غازی شاکر |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |
| د. سیروان محمد مصطفی |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |
| م.ی. گۆران طه عبدالقادر |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |
| م.ی. شێرزاد احمد معروف |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |
| م.ی. ڕێکار عوسمان ڕشید |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |✓| | | | |

بەپێی کۆئەنجامی ڕای پسپۆڕان لە فۆرمی ڕاپرسیدا، دەرکەوت ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆلفێج، بۆ هەر ڕێگایەک لای پسپۆڕەکان سەبارەت بە بەدەستهێنانی کارامەییەکانی فێربوون جیاوازە. هەر یەک لە پسپۆڕەکان جۆرێک لە تێڕوانینی جیاوازیان لە کاریگەری ڕێگاکان بۆ بەدەستهێنانی هەر کارامەییەکی تایبەت هەیە. هەروەها بەپێی ئەنجامی ئەم ڕاپرسییە، پسپۆرەکان بەگشتی ڕێگای میانەکان و ئیمیباریان بە پلەی یەکەم و دووەم بەکارهێناوە و ڕێگاکانی دیکە تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکراون. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لەجیهاندا هیچ یەکێک لەم ڕێگایانە فەرامۆشناکرێت و هەر ڕێگایەک بۆ پێکانی مەبەست و ئامانجی تایبەت بەکاردێت و دەزگاکانی تایبەت بە پێداگۆجی پێشنیازی تێکهەڵکێشکردنی ڕێگاکان دەکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هیچ پلانێکی یەکگرتووی تۆکمە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی سۆلفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە پرۆسەی وانەوتنەوەی سۆلفێج بوونی نییە. لە خوارەوە شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە و شیکردنەوەی ڕادەی بەکارهێنانی هەر ڕێگایەکی فێرکردنی سۆلفێج، بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی ڕاپرسی لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١. ڕێگای میانەکان، ڕیزبەندی یەکەمی بەکارهێنانی لەلایەن پسپۆڕانەوە تۆمارکردووە، بەهۆی ئەوەی پسپۆڕان بە تێکڕا ڕێژەی ٨٠٪ بۆ ١٠٠٪ یان، بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی کارامەییەکانی وەک: بەهێزکردنی گوێچکە، ناسینەوەی دەنگەکان بە گوێ، بەهێزکردنی یادەوەری موزیکی، بەهیزکردنی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ و بەرەوپێشبردنی توانای قوتابی لە ژەنینی ئامێری دەستنیشانکردووە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە پسپۆڕان بە تێکڕا گرنگی بەم ڕێگایە دەدەن و لە پرۆسەی فێرکردنی سۆلفێج بەکاردەهێنن.

٢. ڕێگای ئیمیباری ڕیزبەندی دووەمی بەکارهێنانی لەلایەن پسپۆڕانەوە تۆمارکردووە، بەهۆی ئەوەی پسپۆڕان بە تێکڕا ڕێژەی ٪٦٠، ٪٨٠،٪١٠٠ یان، بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی کارامەییەکانی وەک: بەهێزکردنی گوێچکە، ناسینەوەی دەنگەکان بەگوێ، بەهێزکردنی یادەوەری موزیکی، بەهێزکردنی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ و بەرەوپێشبردنی توانای قوتابی لەژەنینی ئامێری دەستنیشانکردووە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پسپۆڕان بە تێکڕا گرنگی بەم ڕێگایە دەدەن و لە پرۆسەی فێرکردنی سۆلفێجدا بەکاری دەهێنن.

٣. ڕێگای کارل ئۆرف بەهۆی ئەوەی لە کۆ دەرئەنجامی ڕای پسپۆڕان ڕێژەی ٢٠٪ بۆ ٤٠٪ ی بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکان پێدراوە، کەواتە دەردەکەوێت بەشێوەیەکی باش لەلایەن پسپۆڕان لە فیرکردنی سۆلفێج بەکارنایەنرێت و فەرامۆشکراوە.

٤. ڕێگای دالکرۆز بەهۆی ئەوەی لە کۆئەنجامی ڕای پسپۆڕان ڕێژەی ٢٠٪ بۆ ٦٠٪ ی بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکان پێدراوە، کەواتە دەردەکەوێت بەشێوەیەکی سنوردار لەلایەن پسپۆڕان لە فیرکردنی سۆلفێج بەکاردەهێنرێت و تاڕادەیەک فەرامۆشکراوە.

٥. ڕێگای دۆی جێگیر (Fixed Do)، بەهۆی ئەوەی لە کۆئەنجامی ڕای پسپۆڕان ڕێژەی ٢٠٪ بۆ ٤٠٪ ی بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکان پێدراوە، کەواتە دەردەکەوێت، کە لەلایەن پسپۆڕانەوە وەک شێوازێکی بێکاریگەر لە فیرکردنی سۆلفێجدا سەیردەکریت و فەرامۆشکراوە.

٦. ڕێگای دیکرۆلی بەهۆی ئەوەی لە سەرانسەری سەرجەم پێوەرەکانی ڕاپرسی، لە ڕێژەی بەکارهێنانی پسپۆڕان لە ٪٢٠ زیاتری پێ نەدراوە، دەرکەوێت کە کەمترین بەکارهێنان و کاریگەری بەپێی بۆچوونی پسپۆران بەدەستهیناوە و لەلایەن پسپۆڕانەوە فەرامۆشترین ڕێگایە.

جگە لەمانەش لە ئەنجامی ئەم ڕاپرسییەدا دەرکەوت، کە هیچ کامێک لە ئامرازەکان و بەرنامە دیجیتاڵییە هاوچەرخەکانی فێرکردنی سۆلفێج لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان بەردەستنین، بۆ ئەوەی مامۆستایان لەپرۆسەی وانەوتنەوەی بابەتەکە سودیان لێوەرگرن. بێگومان ئەوەس هۆکارێکی دیکەیە، کە پسپۆڕانی بابەتەکە نەیانتوانیوە سەرجەم ڕێگاکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بەکاربهێنن.

**٤. چوارەم:**

**دەرئەنجام**

**١.٤: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیانگەیشتوون، بریتین لەمانەی خوارەوە.

١. ئەنجامە دۆزراوەکانی ئەم توێژینەوە، کۆمەڵێک پراکتیزە و ڕاهێنەرانی سۆڵفێجی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا ئاشکرا کرد. لە کاتێکدا زۆربەی مامۆستایان تێگەیشتنێکی تۆکمەیان لە بنەما تیۆریەکانی سۆڵفێج نیشاندا، بەڵام بەکارهێنانی شێوازە پراکتیکییەکان جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە هەبوو، چونکە وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە دەریانخست، کە زۆرینەی مامۆستایان پشتیان بە تەکنیکەکانی فێرکردنی تەقلیدی بەستووە، لەگەڵ بەکارخستنێکی سنووورداری تەکنەلۆژیا وەک پیانۆ و لاپتۆپ.

٢. تێبینییەکان زیاتر ئاماژەیان بەوە کرد، کە هەرچەندە هەندێک لە قوتابییان گەشەیەکی بەهێزیان لە ناسینەوەی دەنگ و گۆرانی وتن بە بینین ( sight reading) کردووە، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەهۆی ڕێبازە یەکنەگرتووەکان فێرکارییەوە کێشەیان لەگەڵ بیرەوەری و وردبینی بیستن هەیە. هەروەها بەستنەوەی کارامەییەکانی سۆڵفیج بە نمایشە موزیکییە زیندوەکان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک کێشەی ژینگەیی وەک نەبوونی شوێنی ڕاهێنان و کەرەستە و ئامێری پێویست وەک نەبوونی سیستەمی دەنگ لە هۆڵەکانی خوێندن.

٣. ئەو مامۆستایانەی شێوازی فێرکاری جۆراوجۆریان جێبەجێ کردووە- وەک ئامێرەکانی بینین و بیستن، گۆرانی وتن بە گروپ و بەرنامە دیجیتاڵییەکان- پێشکەوتنی باشتریان لە بەشداریکردنی قوتابییان و بەدیهینانی لێهاتووییەکاندا بەدیکردووە.

**٢.٤: پێشنیازەکان:**

١. شێوازی فێرکاری جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت، کە هەردوو شێوازی کۆن و مۆدێرن تێکەڵکێشبکرێت.
٢. لە پێناو باشــــترکردنی فێربوونی بینراو بیســــتراوەکان، تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان لە وانەوتنەوەی ســــۆڵفێجدا بەکاربهێنرێت.
٣. ڕاهێنانەکانی سۆڵفێج ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە نمایشە موزیکییە ڕاستەوخۆکان و ڕاهێنانکردنەکان.
٤. قوتابییان ڕابهێنرێن لەسـەر گوێگرتنی بەردەوام لە موزیک و مەشـقکردن لەسـەر وەبیرهاتنەوەیان، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی قوتابی لە بواری بیرەوەری و بیستن.
٥. مامۆستایان چالاکییەکان فرەجۆر بکەن، کە دەبێتە هۆی چێژبەخش کردنی سۆڵفێج.
٦. هاندانی قوتابییان بدرێت بۆ فێربوونی هاوبەش لەڕێگەی گۆرانی وتن بە گروپ لەگەڵ هاوڕێکانیان.
٧. ڕێبازێکی قوتابی ســەنتەری (Student Centre) بکرێتە چەقی فێرکردنی قوتابی و تەکنیکە تەقلیدییەکانی ســۆڵفێج تێکەڵ بە ستراتیژە داهێنەرەکان و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی دەرئەنجامەکانی فێربوون.

**٣.٤ ڕاسپاردەکان:**

١. دابینکردنی ڕاهێنان و وۆرک شۆپی بەردەوام بۆ مامۆستایانی سۆڵفێج بۆ باشترکردنی تەکنیکەکانی وانەوتنەوەیان.
٢. پەرەپێدانی مەنهەجێکی یەکگرتوو بۆ بابەتی سۆڵفیج لە سەرانسەری هەموو ئاستەکانی کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا.
٣. وەبەرهێنان لە ئامراز و بەرنامە دیجیتاڵییەکان، کە پشتگیری لە فێربوونی سۆڵفێج و ڕاهێنانی گوێچکە دەکەن.
٤. هەڵسەنگاندن و نوێکردنەوەی کەرەستەی فێرکاری سۆڵفێج، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی باشترین پراکتیزە پێداگۆژییەکانی ئێستا بێت.

## سەرچاوەکان:

### پەرتوکە کوردییەکان:

-رسول، ابراهیم رسول. (٢٠١٤). دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپ و نەخشی نارین،هەولێر.
-قەرەچەتانی، کەریم، شریف. (٢٠١٤). سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە(١٦٧٦)، چاپی یەکەم، سلێمانی.
-محمد، حیدر. (٢٠١١). مامۆستای سەرکەوتوو لە کەسایەتی و کاری پیشەیی دا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر.
-هاڵست، ئیۆجن. ( ٢٠٠٥). ئەلفبێیەکی موزیک ڕێبەرێکی پراکتیکی کورت بۆ بنەماکان و گونجان و بۆتە، و.ع.ج. سەگرمە، ئینستوتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

### -پەرتوکە عەرەبییەکان:

-ايمان، محمد عمر. (٢٠١٠). طرق التدريس، الطبعة الاولى، عمان.
-البعلبكى، منير. (١٩٨٠). قاموس مورد (عربى-انكليزى) مكتبة دار العلم الملايين، لبنان، بيروت.
-خليل، آمال حسين. (٢٠٠٢). الابداع و استراتيجيات تدريس التربية الموسيقية، الطبعة الاولى، دار الثقافة العلمية، الاسكندرية.
-زغلول، عماد عبدالرحيم. (٢٠٠٦). نظريات التعلم، دار الشروق، الطبعة الثانية، الأردن.
-سلامة،عبدالحافظ. (٢٠٠٢). أساليب في تصميم التدريس، الطبعة الأولى، دار اليازورى للنشر، عمان.
-صبرى، عائشة. (١٩٧٨). أمال احمد مختار، طرق تعليم الموسيقى، الطبعة الثانية، مكتبة الأنجيلوالمصرية، القاهرة.
-عبدالعزيز، سعاد. (١٩٩١). التربية الموسيقية و طرق تدريسها، دار الكتاب، القاهرة.
-فرج، أميرة سيد،عبدالحليم، سوزان عبدالله، منال محمد. (٢٠٠٤). الانشطة الموسيقية بين النظرية و التطبيق، الطبعة الاولى، مطبعة الخط الذهبي، القاهرة.
-فهمي، أميمة أمين. (٢٠٠٦). سليم،عائشة، الشامل في الصولفيج نهج دالكروز، دارالفكر العربي، القاهرة.
-محسن، علي عطية. (٢٠١٣). المناهج الحديثة وطرائق التدريس، الطبعة الأولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
- محمد السكران. (١٩٨٩). أساليب تدريس الدراسات الإجتماعية، دار الشروق، عمان.
-يعقوب حسين نشوان. (١٩٨٩). الجديد في تعليم العلوم، ط١، دار الفرقان، عمان.
-البياوي، سجى عبد سرهد. (٢٠٢١). طرائق التدريس ( التدريب العملي الوحدات الدراسية التعلم الذاتي(uobabylon.edu.iq).
-محمد، احمد حسين. (٢٠١٧). طرائق التدريس الحديثة : طريقة حل المشكلات و طريقة المناقشة والحوار - تعليم جديد-(new-educ.com)

### تێز و ماستەرنامەکان:

-الجرشة، ف. م. (١٩٨٠). العوامل العقلية المسهمة في الكتابة الموسيقية (الإملاء الموسيقي) .رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان.
-خليل، نوال محمد. (٢٠٠٨). تسلسل تربوى مقترح لتدريسمنهج الصولفيج الغربي، رسالة ماجستير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان.
-فرج، أميرة سيد. (١٩٧٣). أثر تدريس الصولفيج و تدريب السمع في استعاب الطلاب لمادتى الهارمونى و التحليل الموسيقى، رسالة ماجستيرغير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان.
- هاجر، ابشر الامين عثمان. (٢٠١٦). طرق واساليب تدريس الموسيقى بكليات التربية بالجامعات السودانية، بحث الدكتوراة في الموسيقى، جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا كلية الدراسات العليا، الخرطوم.

### -گۆڤارە زانستییەکان:

-برغوت، سعيد. (٢٠١٧). 'طريقة مبتكرة لتحسين أداء الطالب المبتدئ في مادة الإيقاع الحركي'، مجلة علوم وفنون الموسيقى.-36(3), pp. 876-897.doi: 10.21608/jfma.2017.163236
-الحساني، إ. ك. ف. (٢٠١٠). أثر استخدام طرائق التدريس الحديثة في بناء شخصية أطفال المدارس الابتدائية وتعزيز ثقتهم بأنفسهم .مجلة صاد، العدد ٧، ص. ١٠٧–١١٨.
-ناجي، تمار.(١٩٩٤). طرق التدريس، مجلة الرواسي، طبعة الاولى، جمعية الاصلاح التربوي، باتنة، الجزائر.

### -:سەرچاوە ئینگلیزییەکان

-Adjepong, B. (2021). General methods of teaching music in the primary school. Asian Research Journal of Arts & Social Sciences, 13, 23–34. https://doi.org/10.9734/ARJASS/2021/v13i430221

-Benites, D.A.M., Lalitte, P. and Eyharabide, V. (2023). *Ear Training Applications in Music Education: Exploring Utilization, Effectiveness, and Adoption Factors in France*. In: **CSEDU 2023 – 15th International Conference on Computer Supported Education**. SCITEPRESS, pp. 447–453.

-Blom, Eric. (1954). Mac Millan publishers, Co, Ltd, New York.

-Sadie, Stanly. (1980). New Gove Dictionary of Music musicians, Mac Millan publishers, London.

-What Is Solfege Singing? | Harmony Road Music.

-Lumen Learning. (no date). *Chapter 4: Approaches to Music Education*. [online] Available at: https://courses.lumenlearning.com/suny-music-and-the-child/chapter/chapter-4-approaches-to-music-education-2/ [Accessed 18 Jun. 2025].

# تقييم طرائق التدريس مادة الصولفيج في كلية الفنون الجميلة

**احمد نورالدين طه**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة،
جامعة صلاح الدين–أربيل، اقليم كردستان، العراق.
ahmed.taha@su.edu.krd

**هەژار احمد مصطفى**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة،
جامعة صلاح الدين–أربيل، اقليم كردستان، العراق.
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تقييم واقع تدريس مادة الصولفيج في كلية الفنون الجميلة بجامعة صلاح الدين، من خلال تتبّع تطورها من الماضي إلى الحاضر، مع التركيز على طرائق التدريس المعتمدة من قبل الأساتذة. وتسعى الدراسة إلى قياس مدى فاعلية هذه الطرائق والأساليب في تطوير مهارات طلبة الموسيقى، إلى جانب الكشف عن أوجه القصور والتحديات التي قد تواجه عملية التدريس. ولتحقيق ذلك، اعتمدت الدراسة على استبيانات موجهة إلى عدد من الأساتذة والخبراء ممن يدرّسون و درّسوا المادة في فترات زمنية مختلفة أو حصلوا على تأهيل أكاديمي فيها. كما تستعرض الدراسة أهمية الوسائل التعليمية في تعزيز المهارات، لا سيما في مجالات مثل الغناء، وتنمية الذاكرة السمعية، واسترجاع الأصوات. وتُختتم الدراسة بجملة من التوصيات التي تؤكد على أهمية دمج طرائق والأساليب الحديثة بالتكنولوجيا المعاصرة، بما يسهم في تطوير المناهج وتعزيز التكامل بين الجوانب النظرية والتطبيقية في تدريس مادة الصولفيج.

**الكلمات المفتاحية:** طرق، طرائق التدريس، تدريس، الصولفيج.

## Evaluation Of Solfège Teaching Methods in The College of Fine Arts

**Ahmed Nuradeen Taha**
Department of Music, College of Fine Arts,
University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
ahmed.taha@su.edu.krd

**Hazhar Ahmed Mustafa**
Department of Music, College of Fine Arts,
University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**Abstract**

This study aims to evaluate the current state of solfege instruction at the College of Fine Arts, Salahaddin University, by tracing its development from past to present and focusing on the teaching methods employed by instructors. The research seeks to assess the effectiveness of these methods in developing students' musical skills, while also identifying potential shortcomings and challenges in the teaching process. To achieve this, the study relies on questionnaires directed at a group of instructors and experts who currently teach, have previously taught, or have received academic training in solfege. The study also highlights the importance of instructional tools in enhancing musical competencies, particularly in areas such as singing, auditory memory, and sound recall. The study concludes with a set of recommendations emphasizing the integration of modern teaching methods with contemporary technology to support curriculum development and promote greater integration between theoretical and practical aspects of solfege education.

**Keywords**: Method, Teaching Methods, Teaching, Solfège.